# ئیبراهیمەکان، جەعفەری بە سیاسەت و تاتلیساس بە گزیی هونەر!

سیروان کاروانی

هەموو ئەوانەی کە ویستوویانە لەگەڵ دۆزی کورددا نەیار بن، بە هیچ شێوەیەک بۆیان سەخت نەبووە و شتێک ڕێگر نەبووە لە پێشیاندا، بۆیە ئەوانیش لای خۆیانەوە بە ڕاشکاوی و دەربڕینی ئاشکرا ئەوەیان سەلماندووە و چەندین جاریش دووبارە و چەندبارەیان کرووەتەوە.

ئەمە پێشتر لە ڕووانگەی شەڕ و چەکداری و هێزی چەوساندنەوەوە بەکار دەبرا و نموونەشی ئەو کارەساتە گەورانەیە کە لە مێژووی گەلی کورددا ڕوویان داوە، بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆژانە نە لەلایەن ئەمینداریێتیێ گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە نەفرەتیان لێ بکرێ و بکرێن بە ڕۆژی جینۆساید و بە کۆمەڵکوژیی گەلی کورد و، نە لەلایەن دراوسێکانەوە و بە تایبەتی حکومەتی ناوەوە کە ئەمڕۆ کورد هاوبەشە لەگەڵیاندا کە بە فەرمی و بەپێی بڕیاری تایبەت داوای لێبووردن لە نەتەوەی کورد بکرێ و نەفرەت لەو ڕۆژانە بکرێ کە حکومەتی پێشووی ئەوان پێیان هەڵساوە.

کەواتە پێشتر نەیارانی کورد بەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دژ بە کورد دەوەستانەوە، ئەوەی ئەمڕۆ جیاوازە ئەوەیە کە لە دیوی سیاسیدا بەو دژایەتییە خۆیان دەبیننەوە. ئیبراهیم جەعفەری هاوبەشی کوردە لە پێکهێنانی حکومەتدا و ئیبراهیم تاتلیساس بە گوتەی هێندێک، لە کوردە، بەڵام دۆستایەتی و کوردایەتیی ئەوان کە هەردووک لە کورد دەخۆن، بەم شێوەیە بەدەردەکەوێ:

هەرکە ئیبراهیم جەعفەری بوو بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە ڕووانگەی خۆیەوە بەکەم تەماشاکردنی کوردی نەشاردەوە و بۆ دەورووپشتیشی سەلماند. ئەوەشی بە یەکەم گەشتی بۆ تورکیا کە لەوێوە بە ئاشکرا نەیاریی خۆی بەرانبەر بە کورد و دۆزەکەی سەلماند و دواییش لە سوێندخواردنەکە ئەوەی دووپات و مسۆگەر کردەوە. دوابەدوای ئەوانەش ڕۆژانە تەگەرە دەخاتە بەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و بەتایبەت جێبەجێکردنی ماددەی 58. ئیبراهیم جەعفەری دەیەوێ لە ناوەندی دەستەڵاتەوە و لە دوورەوە ئەو نەیارییەی بەرانبەر بە کورد پێشان بدات، بۆیە تا ئێستا چاوی بە هەرێمی کوردستان هەڵنایەت و بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆی لە هەموو پەیوەندییەک دەپارێزێ. جەعفەری بەم هەوڵانەی دەیەوێ شۆڤینییەتی خۆی بەرانبەر کورد پێشان بدات و بە نەیارانی کوردیش بڵێ کە تەواو دڵسۆزی ئەوانە.

ئیبراهیم تاتلیساسی گۆرانیبێژ کە دەمانێکە ئاوازی کوردی دەگۆڕێ و پێشکەشی هونەری تورکیی دەکات، بەڵام ساڵانێکە لەناو تورکیا نە خۆی و نە گۆرانییەکانی جەماوەریان نەماوە، بەو مەبەستەوە گەشتی کوردستانی کرد کە لەوێوە دژایەتیی خۆی بۆ سەربەخۆییی کورد بسەلمێنێ و بەئەمەکیی خۆی بۆ تورکان پێشان بدات و خۆی خۆشەویست بکاتەوە. دیارە ئەمە وا دەخوازێ، ئیبراهیم تاتلیساس ئەو گرەوەی بردەوە، هات و لەناو خاکی کوردستانەوە ئەوەی پێویستی کرد گوتی و بردی.

پرسیارەکە ئەوەیە، کە داخۆ تا کەی لەسەر خوێن و بەروبووم و نەهامەتییەکانی گەلی کورد، نەیاران لە سیاسەتیاندا سەرکەوتوو دەبن و بە مەرامەکانیان شاد دەبن، گەلی کورد تا کەی وا درەنگ لەو پلانانە دەگات کە دەبنە هۆی لەخشتەبردن و ماڵوێرانیی؟

2005.12.03